www.kurdistannet.org

# هەورامان, لە "ئەنسارولئیسلام"ەوە بۆ تۆڕی ئنتەرنێت!

## هاوڕێ باخەوان

هەفتا ساڵێك زۆرتر یان كەمتر, هاوبیری جوانەمەرگم رەوانشاد ئەحمەد موختار جاف, هۆنراوە بەناوبانگەكەی "دێتە گوێم دەنگێ بەسۆز و شیوەن و گریانەوە"ی نووسی. هاوبیر ئەحمەد لەو هۆنراوەیەدا پاش ئەوەی باسی ئەو كارەساتانە دەكات كە بەسەر كوردا هاتووە و دێت, ئنجا بە ئەندێشە پیرۆزە جوانەكانی باسی ژیانی "ئازادی و یەكسانی" دەكات لە كوردستانی یەكگرتووی سەربەخۆدا و بەو شاكارەی فیلمێكی زۆر جوانی پاشەڕۆژی كوردستانی بۆ دەرهێناوین.

یەكێك لەو ئاوات و ئەندێشە جوانەی هاوبیر ئەحمەدم ئەوەیە كە دەڵێت:

پاش قڕانی موددەعی دەست پێ ئەكەن تەعمیری موڵك
ڕێگەی ئاسنین ئەچێتە ناو شاخی هەورامانەوە

ئەم سیناریۆ جوانەی هاوبیر ئەحمەد بەشێكی لە دوای ڕاپەڕینەكەی بەهاری 1991ی كوردستانی بندەستی داگیركەری ئێڕاقدا هاتەدی, بەڵام هەموو هەورامان نەبوو كە رەوانشاد ئاواتی بۆ دەخواست. بەڵكو تەنها هەورامانی لهۆنی گرتەوە و بۆ ماوەیەك موددەعیی تێدا نەما. بەڵام ئەم موددەعی قڕانەی هەورامان ئەوەندەی نەبردوو و موددەعییانی بەعسی گۆڕدرانەوە بە ئیسلامییەكان و ئەوەندەی تر هەورامانیان تێكدا و ئەو تەعمیری موڵكەی كە لە سیناریۆكەدا هەیە گۆڕدرا بە وێرانە و كارەساتێكی تر و جارێكی تر هەورامان ئەنفال كرایەوە و "لەجیاتی ڕێگەی ئاسنین! , ئەنساری ئیسلام چووە ناو شاخی هەورامانەوە".

بەڵام ئەمڕۆ خۆشبەختانە لە كوردساتەوە گوێم لێبوو كە بەیارمەتیی ئەمریكییەكان تۆڕی ئنتەرنێت چووەتە ناوچەكانی شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامانەوە. بەوەش بەشێكی كەمی پێشبینییەكانی ئەحمەد موختار جاف هاتەدی و منیش لەگەڵ ئەودا بەهیوای ڕێگەی ئاسنینم لەنێوان تونێلەكانی بیارە و پاوەدا و بۆ تەماشای دەستە دەستە لە هەندەرانەوە بێن بۆ بینینی.

2004-02-12

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com